# پرۆژەی پاراستنی لاوان

# Youth Protection Project

ڕێکخراوی خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی

X.O.H.D

منظمة خاوين للتطوير الصحى

# نەگەیەن‌و ئەندێشەی سێکسی سەلامەت‌و دڵنیایی

نوسینی

د.عبدالحمیدالقضاة

وەرگێڕانی

هیدایت حسین هەورامی

٢٠١٧

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناوی کتێب :** نەگەیەن‌و ئەندێشەی سێکسی سەلامەت‌و دڵنیایی

**ناوی نوسەر :** د.عبدالحمیدالقضاة

**ناوی وەرگێر :** هیدایت حسین هەورامی

- تایپ : ڕازۆهیدایت – سۆزە هیدایت
- دیزاین : شلێر محمد
- ساڵی چاپکردن : ٢٠١٧
- نۆرەی چاپ : یەکەم
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- مافی لەچاپدانی پارێزراوەبۆ وەرگێڕ

# پێشەكی

## بەناوەی خوای بەخشندەی میهرەبان

**سوپاس و ستایش بۆ دروستكەرو بەجێهێنەری بونەوەر، درودو سەلامی بێپایان بۆ گیانی پاكی حەزرەتی رەسول الله(ﷺ)، بۆ سەر یارو یاوەرو شوێنكەوتوانی تا رۆژی دوایی.**

**سوپاس و ستایش بۆ خوای مهرەبان كە ئەم ئاینی ئیسلامە جوانەی پێ بەخشین و كردیە رێپیشاندەرو رێڕۆشنكەرەوەمان، یاساو بەرنامەو شەریعەتی بۆ رەوانە كردین و پێغەمبەری ئازیزیشی ((ﷺ)) كردە پێشەواو پێشەنگی مرۆڤایەتی و چرا هەڵگری رێی بەختەوەری و كامەرانی.**

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر كە شەریعەت و یاساو بەرنامەیەكی بۆ ناردوین كەتەواوو تەواوكارە لەگەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤەكان** ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣ ﴾ المائدة: ٣

ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەكەتانم بەكۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو كردن و ڕازیم بەوەی كە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا

که حه‌رامان کردووه) هەر کەس ناچار کرا له گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانه بخوات که حه‌رامان کردووه (بەمەرجێک دەست درێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەکات، ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانه (بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانه( ﴿ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَا ﴾ الروم: ٣٠

خەڵکینه ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیه بن که خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووه (واته قورئان کەتەلۆك و نەخشەی ژیانی ئادەمیزادەکانه لێی لامەدەن)، هیچ جۆره گۆرانکاریەك له هیچ نەخشەو دروستکراوێکی خوادا نی یه، ئا ئەوەیه دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانه نازانن.

## خوای پەروەردگار مرۆڤی دروستکردوه بۆ چەند مەبەستێك:

* **بۆ پەرستش و بەندایەتی کردنی خوای گەوره** ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦

بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووەتەنها بۆ ئەوەنەبێت کەمن بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

* **بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی**

* **بۆ جێنیشینی کردنی خوای پەروەردگار له سەر ئەم زەویه** ﴿ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة: ٣٠

(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) باسی ئەوە بکە له دێرین زەماندا) پەروەردگارت به فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت له زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیته جێنشین که خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمه تەسبیحات و سوپاس و

ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

بۆ ئەم مەبەستانەش پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم هێناوە لە( قورئانی پیرۆزو بەرنامەو شەریعەت و ئاینی ئیسلام)، هەروەها ناردنی پێغەمبەران و رەوانەکراوانی خوای پەروەردگار بۆ رێنمویی رێپیشاندانی گرۆهی بەشەریەت بە قورئان و سیرەت و سونەتەکانیانەوە، ئاینی ئیسلام ئاینێکی سروشتی و گونجاوە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا بۆ هێنانە دی مەبەستەکانی دروست بونی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام و سەرزەوی ئاوەدان بێت و بنیات بنرێ و ژیانی تێدا بگوزەرێ، تاوەکو زیاتر خوای بێهاوتای تیا بپەرسترێ، بۆیە پێویستی بە بەرنامەو شەریعەتێکە کە ئەم مەرجانەی تێدا هاتبێتەدی کە بریتیە لە (جێبەجێکردن و ئەنجامدانی کاری هاوسەرگیری سروشتی و راست و دروست) بەو شێوەیەی کە خوای میهرەبان بۆ مرۆڤەگانی بڕیارداوەو دەستنیشانی کردوە، تاوەکو مرۆڤەکان ئاسودە بن و ئەرکەکانیان لەم سەر زەویەدا بە جوانی دروستی جێبەجێ بکەن، بۆیە لەم بابەتەی کە دەستمان بۆ بردوە کە بریتیە لەو لادانە رەوشتیانەی کە مرۆڤ تێی ئەکەوێت بە هۆی نەفامی و نەزانینیەوە لە بەرنامەو

یاسای خوای تاكو تەنها، ئەگەر بەگویٚو شویٚنی ئەم بەرنامەی خوای گەورەیە نەكرا ئەوا مرۆڤەكان توشی بەلاو كارەسات دەبن.

دوابەدوای بەشداری كردنم لە خولیٚك لە رۆژی (شەممە) بەرواری (٢٠١٥/١١/١٤) كە پزیشكانی یەكگرتوو كردبوویانەوە ئیٚمەش وەك تەندروستكارانی یەكگرتوو بەشداریمان كرد، كە خولەكە دوو رۆژی خایاندو لە لایەن بەرِیٚز (د.عبدالحمید القضاة) تەواوی وانەكان وترانەوەو پیٚشكەش كران.

دوای تیٚگەیشتنم لە كاری پیاوچاكانو دلسۆزانی خواو خەلك لەسەر ئەركو ماندوبونو گیرفانی خۆیو ئەم هەموو هەولو تیٚكۆشانو گەرِان بە ولاتانو لە بواری تەندروستی خۆیدا تا بتوانیٚ زۆرترینو گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی بكات.

بۆیە وەك لە دروشمەكەیدا دیارە (دەست لەناو دەست) منیش دەستم بردووە بۆ نیٚو دەستانو قۆلی مەردایەتیمو بە ئاگاییم لیٚهەلمالیوە زۆر تا نا كەمیٚك بتوانم بەردیٚك بخەمە سەر بەردیٚك لە سەر دیواری ئەم پیاوە بەرزو بەرِیٚزو دلسۆزو ماندوونەناسەو ناوازەوە بە ئومیٚدی ئەوەی بتوانم خزمەتیٚكی گەلەكەم بكەم بە وەرگیٚرِانی كتیٚبەكانی (ناوبراو)ی بەرِیٚز، ئیٚمەش وەك نەتەوەی كورد خۆمان دوورەپەریٚز بگرین لە بیٚ ئەمری فەرمانەكانی خوای دروستكەرمان.

# نەگەیەن و ئەندێشەی سێکسی سەلامەتو دڵنیایی

بازنەی ئازادییەکان (ئازادی زایەندی (سێکسی)یەکان لە خۆرئاوادا، هەتا دێت بەرەو فراوان بوون ئەڕوات، تا وای لێهات کار گەیشتە ئەوەی کە کوڕانو کچانی لاو بە هەوەسو ئارەزووی خۆیان چییان پێخۆشە ئەنجامی بدەنو، کارەکە زۆر پەسەند بوو لای گەورەو بچوکیان، هیچ ڕێگریو بەرگریەکیان لێ نا کرێت لەلایەن یاسا، یان دابو نەریت، یان ئاین، بۆیە ئەم سەرشێتییە سێکسییەو دەرچوون لە فیترەتو سروشتی کۆمەڵگەو جۆرەها نەخۆشی جۆراوجۆری بەرهەم هێنا.

لەبەر ئەمە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆمەڵێك هەڵمەتو چالاکی جۆراو جۆرو کۆنگرەو کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی بەستراو بەڕێوەچوو بەهۆی ئەوەی کە سێکس وەك خواردنو ئاو وایە بۆ جەستە هیچ سنوورو کۆتێك نییە لەسەر ئەنجامدانو کردنی.

ئەم کاری سێکسەو ئەنجامدانی کاری سێکسی پارێزراوەو پارێزگاری لێ ئەکرێت بە هێزی (یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ مافی مرۆڤ).

مەبەست لەمەشدا دانانی یاساکانو بەڵگەنامە گەردوونییەکانو یاسا دەستکردەکانە کە مەبەست سڕینەوەو کوژانەوەی شەرعی خوایەو کە دەستوورو یاسای خوایە بۆ ڕێکخستنو ڕێکوپێك کردنو چۆنیەتی ئەنجامدانو جێبەجێ کردنو نیشتنەوەی هەواو ئارەزوو (غەریزە)ی سێکسییە لە مرۆڤەکاندا.

بە جیهانگیرییەکەیو تواناو هێزو دەسەڵاتەکەی توانیویەتی بڵاویبکاتەوە لە ڕێگەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانەوەو لە ژێر ناونیشانی سەرنج ڕاکێش، کە ئەمە زۆر مەغزاو ماناو واتا هەڵئەگرێ، ئەویش بۆ هەڵمژینی هەر کاردانەوەیەکە کە دێتە گۆڕێ.

بەڵام لە ناوەڕۆكو ناواخندا واتاو مانای روخێنەری تێدایە بۆ زانایانو تێگەیشتوانو نەریتو یاسا ئاینیەکان کە گەلان باوەڕیان پێی هێناوە، کۆتایی پێ بێنێت بۆ جیهانگیریە سوكو ریسواو پیسو چەپەڵو خراپەکەو خۆڕزگارکردن لە هەر کۆتو بەندێك یا ریکخستنێك بۆ ئەنجامدانی کارە سێکسییەکان.

ئەو هۆکارانەی کە پێشتر پیلاندارێژەران بەکاریان هێناوە بریتییە لە هەندێ پڕوپاگەندەو هەندێ زاراوە کە یارمەتی گەنج و لاو ئەدەن لەسەر ئەنجامدانی کاری سێکسی، ئەو لاوەی کە لە لوتکەی وروژاندن و هەژێنی سێکسیدایە، تازە لاو تازە گەنج و کەم تەمەن و کەم شارەزایی لە سەرەنجامەکانی ئەنجامدانی کاری سێکسی هەیە، وروژێنراوە لە هەموو لایەك و لە هەموو روویەکەوە، بۆیە زوو ئەم زاراوانە وەرئەگرێت و بەلایەوە قبوڵ و پەسەندن و زوو بە زوو پەنایان بۆ ئەبات و ئەچێتە ژێر رکێفیانەوەو دڵنیا ئەبێت لێیان.

زۆر بە ئاسوودەییەوە وەریان ئەگرێت و لە پەرداخی سێکس ئەنۆشێت، بە خڵتەکەیشیەوە هەر هەمووی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، ئەبێتە بەشێك لەم کۆما داروخێنەرو داهێزراو داڕمێنەرە، کە بەڕاستی خوو رەوشتی لەناو ئەبات و نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئاینەکەشی، ئەو کات بە دوای هەواو شەهوەت و ئارەزووەکانیدا وێڵ و سەرگەردان و ماندو شەکەت ئەبێت.

بۆیە بەهۆی ئەم ئەنجامدانی کاری سێکسییە بێسەروبەرەوە وەك دەرەنجامێکی سروشتی بۆ ئەنجامدانی ئەم کاری سێکسییە، زۆر جۆر نەخۆشییە گوازراوە زایندییەکان زۆر ئەبن‌و روو لە زیاد بون ئەکەن).



## *زاراوەکان/

**١- الجنس الآمن:** (سێکسی سەلامەتو بێوەیو دڵنیایی) . (safe sex)

سێکسی سەلامەتو دڵنیاو بێ ترسو بێ خەم یەکێکە لە زاراوە رۆژئاواییەکان نەخشێکی وای نەخشاندووە کە گونجاو لەبار بێت بۆ بڵاوبونەوەو تەشەنەکردنو تەنینەوەی سێکسو هەڵوەشاندنەوەی خێزانو کۆمەڵگەو بەدرەوشتیو شەرواڵپیسی بە هەموو جۆرە جیاجیاکانیەوە لە هەموو شوێنو کونو قوژبنێکی شارستانیەتی رۆژئاوایی، ئەوە واتە ئەنجامدانی کاری سێکسی، لەگەل وەرگرتنو بەکارهێنانی هۆکارە گونجاوەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە رودانی کەوتنە ناو نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان واتە سەلامەتیو بێوەیی لە نەخۆشییەکان.

ئەمە ئەگەر لە رۆژئاوادا ئەم (بانگەشەی بەکارهێنانی هۆکارەکان) توانیبێتیان کەمێك هاوکاریان بێت یان هەندێ شت یارمەتی دەریان بێت، بەهۆی زۆر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لەلای ئەوان.

ئەمە  بۆ گەلان‌و وڵاتانیتری جیهانی هیچ سوودوو کەڵکی نابێت‌و بە پڕاکتیکیی بێسوودە بۆیان، بەڵکوو زەرەری زۆری هەیە بۆیان، ئەم زاراوەو پڕوپاگەندانە لەوانەیە بۆ خۆیان (سوودو کەڵکی هەبێت) بەڵام هیچ کەڵك‌و سوودێکی نابێت بۆ گەلان‌و وڵاتانیتری جیهان بەڵکو زیان‌و زەرەریشی هەیە بۆیان‌و زیانیان پێئەگەیێنێت، چونکە تا ئێستاش‌و بە بەردەوام ژیانی هاوسەرێتی شەرعی‌و یاسایی  پیرۆزەو (شذوذ) (کاری ناسروشتی‌و نامۆو ناباوو لارو نائاسایی نێربازی‌و مێبازی‌و بەدڕەوشتی) رەت ئەکرێتەوەو بوونی نیەو ئینکاری لێئەکرێت، بەڵکو ئەخلاق‌و داوێن پاکی‌و پاکیزەیی‌و دووربوون‌و دوورکەوتنەوە لە سێکسی حەرام دائەنرێت بە نزیك بوون لە خوای پەروەردگار، هەروەها هانی لاوان‌و گەنجان ئەدەن بۆ ئەنجامدانی کاری حەرام‌و تاوانکردن‌و کەوتنە ناو (زینا) داوێنپیسی‌و (شذوذ)و کاری بەد رەوشتی‌و شەروالپیسی، ئەمە تەنها بلاو کردنەوەی نەخۆشی‌و روخان‌و تێکشکاندنی رەوشت‌و ئەخلاق نیە بە تەنها بەڵکو داماڵینشیەتی لە رەوشت‌و ئاین‌و داب‌و نەریتەکانیشی، بە

شێوەیەکی پڕاکتیکی هیچ سێکسێکی سەلامەتو بێوەی نییە مەگەر تەنها لە نێوان ژنو پیاودا هەبێت، ئیتر لە هیچ شتێكو بە هیچ شێوەیەك سێکسی سەلامەت بوونی نیە ئەویش بە مەرجی پەیوەست بوون بە شەرعو یاساو ڕێسای خواو بەرنامەی خواو لەهەر کاتو شوێنێکدا هەبێت.

لە گرنگترین کارو فەرمانێك کە ڕۆژئاوا کاری لەسەر ئەکاتو پشتی پێ ئەبەستێتو ناوی ناوە (سێکسی سەلامەتو بێوەی) بریتییە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەکارهێنانی (کۆندۆم).

لە ڕووی مادیو لەڕووی ڕاگەیاندنەوە هاوکاریو یارمەتیو پشتیوانی ئەم پڕوپاگەندانە ئەکرێت، هەرچی پێویست بێت بۆی ئەکرێت لە کار ئاسانیو پەیداکردنی ( کۆندۆم/ نەگەیەن) زۆر کردنو زۆر بە ئاسان دەستخستنی لەلایەن لاوانەوە، یان پەیداکردنی بە نرخێکی گونجاوو زۆر هەرزان نیوە خۆڕاییو بێبەرامبەر، ئەمە لە بەڵگەنامەی قاهیرەدا لە ساڵی ١٩٩٤دا هاتووە، کە لە کۆنگرەی (السکان الدولی)دا دەرچوە، کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە قاهیرەو شوێنەکانیتردا

گرێدرا، بەڕێوەبەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەلاچۆکردنی ئایدز لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا، لە کۆبونەوەیەکی (دەستەی گشتیدا) ئاشکرای کردوو وتی: هەشت ٨ ملیار دۆلارمان هەیەو لەبەر دەستماندایە بۆ ئەم ساڵ (٢٠٠٦) بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی ئایدز، ئەم بڕە پارەیەیان دابەشکردو نیوەی لەبەر بەرژەوەندی بەرنامەی (الامتناعو الإخلاص) (A+B)و نیوەکەیتری بۆ بەرژەوەندی بەرنامەی (C) واتە زۆرکردنو پەیداکردنو بە دەستخستنو بڵاوەپێکردنو دابەشکردنی (نەگەیەن/ کۆندۆم).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وێنەکە پێویستە مەبەستو نیازی نەتەوە یەکگرتووەکان بزانین بۆ بەرنامەکانی (الإمتناعو الإخلاصو العازل) (ABC) کە باوەڕپێکراوە لەلایان.

١- مەبەست لە (الإمتناع) لە زمانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بریتییە لە راستەوخۆ (گۆڕینی (ئەنجامدانی کاری سێکسی) بۆ ئەوانەی کە ژنیان نەهێناوەو گەنجو هەرزەکارن لە هەردوو رەگەز بە ئاو هێنانەوە بەدەست (دەسپەڕ) لەبری کاری سێکسی).

یان ئەنجامدانی کاری سێکسی بەبێ دەست لێدانی ئەندامی زاوزێی یان ئەنجامدانی کاری سێکسی لە ڕێگەی دەمەوە بەبێ ئەوە ئاوەکە بچێتە ناو دەمەوە (لە ڕێگەی دەمەوە).

٢- مەبەست لە (الإخلاص للشريك) واتە وەفاو دڵسۆزی بۆ هاوسەر (هاوڕێ)، لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. هاوسەر (هاوڕێ) واتە هەر پیاوێك هاوڕێی ژنێك بێت لە کاری سێکسیدا (سەرجێیدا) ئەگەر چی لە ڕووی شەرعیشەوە بەیەکەوە نەبەسترابن (ژن‌و مێردی شەرعی یەکتری نەبن)، یان پیاوێك هاوسەر (هاوڕێی) سێکسی پیاوێکیترە یان ژنێك هاوسەر (هاوڕێی) سێکسی ژنێکیترە کەواتە (إخلاص) واتە دڵسۆزی نواندنی داوێنپیسێکی پیاو بۆ ژنە هاوسەرە (هاوڕێی) داوێن پیس‌و بەدرەوشتەکەی هەرەوەها وەفاو دڵسۆزی نواندنی (پیاوێك بۆ هاوسەرە (هاوڕێ) پیاوەکەی‌و ژنێك بۆ هاوسەرە (هاوڕێ) ژنەکەی.

٣- سێهەم/ بریتیە لە بەکاهێنانی نەگەیێنەر (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە کاتی (زینا) داوێنپیسی‌و بەدرەوشتیدا (پیاو لەگەڵ ژنێك یان پیاو لەگەڵ پیاو یان ژن لەگەڵ ژن)، بۆ

ڕێگرى‌و ڕێگەگرتن لە گواستنەوەى میکرۆبى نەخۆشیە گوازراوەکان کە ئەوان پڕوپاگەندەى بۆ ئەکەن، ئایا بە ڕاستى (نەگەیەن/ کۆندۆم) بە پڕاکتیکى‌و بە تەواوى یان بە شێوەى نیمچە تەواوى ڕێگر ئەبێت یان تەنها بەرژەوەندى‌و ڕەواج‌و برەودانە بە (نەگەیەن/ کۆندۆم).

لە ڕاستیدا دوو ڕاو بۆچوون هەیە لەسەر کاریگەرى (نەگەیەن/ (Condom) بە تایبەتى بۆ ئەم مەبەستە.

**ڕاو بۆچوونى یەکەم:**

کە ڕۆژئاوا خۆى بە خاوەنى ئەزانێ‌و بەڕێوەبەرو سەرقافڵەو پێشەنگیەتى بە هەموو هێزو تواناو پێشکەوتنى تەکنەلۆژیاو دەسەڵاتییەوە لە تەواوى هەموو گۆى زەویى‌و جیهاندا، بە شێوەیەك کە ئەم بابەتى (نەگەیەن/ (Condom)ەى تێکەڵ بە هۆشیارى سێکسى‌و تەندروستى‌و کتێبەکانى خوێندن لە خوێندنگەکاندا بۆ خوێندکاران کردووە، بەشێویەك کە مێشکى خەڵکییان پڕ کردووەو ڕازییان کردوون لەسەر بەکارهێنانى (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە فیکرو بیرو باوەڕیاندا یەکێکە لە شتە زۆر گرنگ‌و سەرەکى‌و بەڵگەنەویست‌و

بێوێنەکان، بەبێ هیچ مشتو مڕو قسە لەسەر کردنێك، ڕۆژئاوا بە هەموو هێزو دەسەڵاتو زاڵبوونو هەڵکوتانە سەرو پەلاماردانەیەوەو پێشکەوتنە زانستییەکەیەوەو کاریگەرببونی لەسەر وڵاتانیتری جیهان بە تایبەتیو وڵاتە ئیسلامییەکان، کە لاسایی ڕۆژئاوا بکەنەوەو خۆیان وەك ئەو لێبکەن، وامان لێهات بەبێ بیرکردنەوەی زانستایانەو هیچ لێکۆڵینەوەیەكو یان سەرنجێك یان تێبینییەك شوێن پێکانیان کەوتینو بڕوامان پێ کردنو، بوینە سەرنشینێك لەگەڵ ئەو کاروانەدا، بە تایبەتی کە (ڕۆژئاوا) دەستی بردووە بۆ بیروباوەڕو دابو نەریتە ئیسلامییەکەمان.

**ڕاو بۆچوونی دووەم)/**

ئەوەیە کە ئێمە بەراستو دروستی دائەنێین، کە ئەڵێت: ڕۆڵو کاریگەری (کۆندۆم/ نەگەیەن) بەشێکی کەم ئەبێت، بەشێکی ئاسانو سادەو ساکارە لە بەر ئەوەی چارەسەرێکی کاتیو پینەو پەڕۆیە، حەلێكو چارەسەرێکی هەمیشەیی نییەو (لایسمنو لا یغنی) نە پێی قەڵەو ئەبێتو نە پێیشی تێر ئەبێت (واتە نە حەلە و نە چارەسەر) بەڵکو خراپەکانیو

زیانەکانیو نەرێنیەکانی (سلبیات)ەکانی زۆر زۆرن لە سەروی باشییەکانیو ئەرێنییەکانیەوەن، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

<u>یەکەم:</u> ئەو خوێندنەوەیەی کە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کیمیا لە ساڵی ١٩٩٢دا بڵاویان کردەوە، (مایك رولاند)ی پسپۆڕ لە کیمیاو تەکنەلۆژیای لاستیك (المطاط) پێی هەستاو توێژینەوەو خوێندنەوەی بابەتەکەی کرد، کە ئەمە یەکەمینە لەم بوارو مەیدانو نێوەندەدا لە رێگەی ئەو خوێندنەوەیەوە جێگیرو چەسپاو بوو، کە تیرەی بۆشاییەکانی نێوان گەردیلەکانی ئەو (کۆندۆم)انەی لەو کاتانەدا هەبوون (زۆربوون) تیرەکەیان (٥) پێنج مایکرۆن بوو، لە کاتێکدا قەبارەی (تۆو/ سپێرم) (٦٠×٥×٣) مایکۆرنە، واتە رێژەیەکی زۆر گەورەیە لە هەمان کاتدا تیرەی ئەم بۆشاییانە گەورەترن لە تیرەی ڤایرۆسی ئایدز (٠,١ لە مایکرۆن) بە ٥٠ پەنجا ئەوەندە، کەواتە ئەم (نەگەیەنە/ کۆندۆمە) رێگە نادات بە تێپەڕبوونو چوونە ناوەوەی (تۆو/ سپێرم) لە رێگەی کونەکانو بۆشاییەکانیەوە لە بەر ئەوەی (تۆو/ سپێرمەکان) قەبارەیان گەورەترە لە بۆشاییەکان) بەڵام هەر هەمان کۆندۆم رێگە ئەدات بە ڤایرۆسی ئایدزو رێگر نیە بە چوونە ژوورەوەی بە بۆشاییەکانیدا بە هۆی بچوکی قەبارەی ڤایرۆسی ئایدز کە (٥٠) پەنجا جار

**بچوکترە لە تیرەی بۆشاییەکانی (نەگەیەن/ کۆندۆم)، کەواتە بەم جۆرە ڤایرۆسەکە (نەخۆشیەکە)**

**ئەگوازرێتەوە بۆ لایەنی بەرامبەر.**



(١)



(٢)



(٣)



(٤)



(٥)



(٦)



(٧)



(٨)



(٩)



(١٠)



(١١)



(١٢)

**قۆناغەکانی تێپەڕبوونی ڤایرۆسی ئایدز بە ناو پێکهاتەو گەردیلەو تەنۆچکەکانی نەگەێن (کۆندۆم)دا**

لەگەڵ زانیاریمان سەبارەت  بە بەرەو پێشچوون و چاکسازی لە دروستکردنی (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لەگەڵ زۆری جۆرەکانیان و پلەی باشی و چاکیان لەگەڵ لێکدان و بەریەککەوتنی دەرەنجامی خوێندنەوەکان و توێژینەوە پەخشکراوەکان، لە کاریگەریەکانی کۆندۆم لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی گۆی زەوی، شتێکی ئاشکراو روونە، بانگهێشتمان ئەکەن و ئەمانخەنە شك و گومانەوە لە سەر راستێتی (نەگەیەن/ کۆندۆم) بۆ رێگری لە گواستنەوەی ڤایرۆس و شتیتر لە میکرۆبی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لە رێگەی بۆشاییەکانییەوە، بۆیە پێویستمان بەوە ئەبێت راستیەکەی بزانین و لە رێگەی خوێندنەوەی قوڵ و بێلایەنانەو باوەڕ پێکراوو سەر بەهیچ لایەك نەبێت و سەربەخۆو پتەو مەحکەم و، ئەمە بەراستی فەرمانێکی زۆر گرنگ و پێویستە.

<u>دووەم:</u> دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ و تێکۆشان و رەنجی زۆری دا لەسەر تەرخانکردنی موڵك و ماڵ و سامانی بێشومار، هەوڵ و تێکۆشان و ماندوبوونێکی خێراو گورج بۆ دابەشکردنی (نەگەیەنی نێرینە/ کۆندۆم) و  رەواج و برەو پێدانی و گرنگی و بایەخ پێدانی، (بلیۆن) (نەگەیەن/ کۆندۆم) دابەشکردنیان

تەواو بووە  لە ئەفریقادا، لە ستراتیژیەتی جیهانیدا سەبارەت بە خۆپاراستن لە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان هاتووە کە پێویستە (نەگەیەنی نێرینە/ کۆندۆم) ( Accessible ، Acceptable،Available )، هەبێتو زۆر بێت، دەست بکەوێت لە هەموو سەرئاوو دەست ئاوو  دەستشۆرێکداو ئەبێ لە هەموو خوێندنگایەك هەبێت زۆر دەست بکەوێت، بڵاوکردنەوەی ئامێری دابەشکردنی خۆیی لە هەموو شوێنە گشتییەکاندا تاوەکوو لاوانو گەنجان بە ئاسانی دەستیان بکەوێت بە خۆڕاییو بەبێ بەرامبەرو بەلاش یان بە نرخێکی زۆر هەرزانو زۆر کەم بە مەرجی قبوڵبوون لە لایەن کۆمەڵگەوەو لەگەڵ پێوەری کۆمەڵگەدا بگونجێت، بە هەوڵو ماندووبوونو هاندانی بەرپرسو سەرۆكو سەرکردە ئاینیەکانو سەرکردە ناوخۆییەکان.

هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە لەسەر کاریگەریو چوستو چالاکی ئەم بەرنامانە لە ئاستی  بڵاوبوونەوەی پەتاو دەردو نەخۆشیو ڕێژەی مردن بە هۆی دەرەنجامەکانیەوە، بەڵکو سەرژمێرییەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشی ئایدز لەو وڵاتانەی کە پەتاو (دەردی ئایدزی تێدا بڵاوبۆتەوە، بە پێچەوانەوە بەڵگەو سەلماندنو

جێگیربوون (چەسپاندن) هەیە لەسەر مەترسیو ترسناکی بەرنامەو پڕۆگرامی دابەشکردنی (نەگەیەنی نێرینە/ کۆندۆم) زۆر زیاترە لە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان)یتر، دیارترینیان ئەوەیە کە توێژەرەوان لە زانکۆی هارڤاو کالیفۆرنیاو سانفرانسیسکۆ باسیان لێوە کردووە توێژینەوەیان لەسەر کردووە لە ڕێگەی کۆنگرەی (چاودێری پەیمانگای پزیشکی بۆ تەندروستی سێکسی لە واشنتۆن)، لاپەڕە پێشەکەشکراوەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕەواج دان بە (نەگەیەنی نێرینە) زیادی کردووە لە دەرەنجامی ئەنجامدانی کاری سێکسییە ناشەرعییەکاندا، بۆیە سەرەنجام، پاشان دواجار لە مەترسی گواستنەوەی ئەم نەخۆشیانەو ئەم دەرەنجامەش چاوەڕوانکراو بوو بۆ ڕەواج دانی بەشتێك کە ناوی نراوەو (سیکس آمن/ سێکسی سەلامەتو دڵنیایی) ئەنجامدانی کاری سێکسی سەلامەتو بێ زیانو بێوەی، کە ئەکرێ (ئیعتبار) بکرێو دابنرێت بە وەهمو خەیاڵو ئەندێشەیەكو گومانێك، بەڵکو بیروباوەڕێکی پڕوپوچی زانستییەو کار لەسەر چاندنی ئەکرێ لە عەقڵی خەڵکیداو توشی نەخۆشی (ئەقڵی)و شێتیان بکەن بەوەی کە ئەم (نەگەیەنە نێرینە)یە گرەنتیو زەمانەتی سەلامەتیو

دڵنیاییەو ڕێگەیان پێ بدرێتو بۆیان هەبێت بە چونەناو وخۆ تێکوتانە ناو تەواوی گشت کردەوەو ڕەوشتو ڕەفتارێكو ئەنجامدانی کاری سروشتیو ناسروشتیو نامۆو ناباوو لارو نائاسایی (شاذ)و جیاواز بەبێ سزاو لێپێچینەوە، بە مەرجێك بە شێوەیەکی تەواو ڕێكوپێك بەکاربهێنرێت، بە شێوەیەکی ڕاستو دروست.

خستنە ناو بازاڕو فرۆشتنو بەدەست خستنی زۆری (نەگەیەن/ کۆندۆم) بۆ لاوانو گەنجان بەبێ پارەو بەبێ بەرامبەر، یان بە نرخێکی کەمو هەرزان، بڵاوکردنەوەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، بۆ ئەوەی قەناعەت دروست بکرێت بە چاکیو باشیو ڕۆڵو کاریگەری (کۆندۆم/ نەگەیەن) ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە زیاتر گرنگیو کار لەسەر (زینا) داوێن پیسیو بەدرەوشتی بکرێتو، سەرباری ئەو کێشەو گرفتە تەندروستیو کۆمەڵایەتیانەش لە دەرەنجامی ئەوەوە دێتە کایەوەو دێنە ئاراوەو کۆمەڵە ئەبن، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاشو بەردەوام تووشبووان بە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لە شوێن خۆیان وەستاونو کەمیان نەکردووە بەڵکوو هەندێ جاریش زیاد ئەکەن.

**بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕۆژانە زیاتر لەیەك ملیۆن کەس توش ئەبن بە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان (سێکسییەکان).**

**هەروەها سالآنە سەرجەم کۆی گشتی ڕێژەی توشبوان کەمتر نابێت لە (٥٠٠ ملیۆن) تووشبوو بە نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکانو ئایدز.**

**ئیتر ڕۆڵو دەوری (نەگەیەن/ کۆندۆم) کەیو لە کوێدایە، بەڵکو ئەم هەموو ملیار دۆلارانە ئەدرێ بە بێ سوودو کەڵكو خەرج ئەکرێ بۆ ئەم بوارو لایەنە، هەموو بەهەدەر ئەڕوا وەك تەپوتۆزو گەرد بە بادا ئەچێو بەفیرۆ ئەڕوات.**

**سێهەم: میکرۆبی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان (سێکسیەکان) وەك هەموو مەخلوقو دروستکراوێکیتر حەزی لە ژیانە هەوڵ بۆ ژیانو گەشەو مانەوە ئەدات ئەم میکرۆبانە بە شێوەیەکی گشتی لە هیچ شوێنێك ناژین تەنها لەسەر جەستەو لەشی مرۆڤ نەبێت، نابێتە هۆی هیچ نەخۆشیەکیتر تەنها ئەو نەخۆشییە نەبێتو بۆ خودی کەسەکەش.**

**لە بەر ئەوەی خوای پەروەردگار ئاژەڵی بەخشیو ئەم پەتا کوشندەیەی لێی بە دوور گرتووە توشی ئاژەلآن نابێت، لەبەر**

ئەوەی ئەم میکرۆبە، بە ئاو یان هەوا یان خواردن ناگوازرێتەوە، بەڵکو بە هۆی یان لە رێگەی بەرکەوتن‌و لێکخشاندنی جەستەیی راستەوخۆوە لە کاتی ئەنجامدانی کرداری سێکسیەوە ئەگوێزرێتەوەو لە بەر ئەوەی (تاوەکو) پارێزگاری لە مانەوەو بڵاوبوونەوەی خۆی بکات بە چەند دۆخ‌و قۆناغێکدا تێئەپڕێت، قۆناغی نوێ دروست ئەکات لە کاتی چونە ژوورەوەی بۆ لەش‌و جەستەی مرۆڤ دواتر روودان‌و توشبوونی نەخۆشییەکە، گریمان ئەگەر (نەگەیەن/ کۆندۆم) ئەندامی سێکسی (چوك) ئەپارێزێ‌و نایەڵێ تووشی هیچ ڤایرۆسێك‌و نەخۆشییەك ببێ، ئەی باشە چۆن لێوەکان‌و زمان‌و چاوو قوڕك‌و گەروو مەمکەکان ئەپارێزێ خۆ (نەگەیەن/ کۆندۆم) بۆ ئەو ئەندامانە بەکار ناهێنرێت، کە بە ئاسانی میکرۆبی نەخۆشییە گوازراوە زایندییەکان ئەچنە ناوەوە، کەوابوو بازاڕ پێکردنی (نەگەیەن/ کۆندۆم)و فرۆشتن‌و بازرگانی پێوەکردنی‌و پشت پێبەستنی‌و متمانەو باوەڕیان پێیەتی، ئەمانە نابنە پاساوو نابنە هۆی وەستانی هەڵکشان‌و زیاد بون‌و چونە پێشەوەی ئەم نەخۆشیانە.

<u>**چوارەم:**</u> خوێندنەوەی زۆر کراوە بۆ نزیکی رێژەی پاراستن لە کاتی بەکارهێنانی (نەگەیەنی نێرینە/ العازل الذکري)، بە شێوەی

بەردەوامو راستو دروستو جێگیر، لە گواستنەوەی ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز لە ڕێگەی پەیوەندیو بەیەکگەیشتنی (دامێن/ زێ)وە، بە (٩٠– ٩٥٪).

دەرەنجامەکانی خوێندنەوەکانیتر دەرکەوتووە کە ڕێژەی کاریگەریو ڕۆڵو دەوری (نەگەیەن/ کۆندۆم) بۆ ڕێگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدز لە نێوان (شاذین سیکسیا) رەوشت ناوازەو ناباوو نائاسایی (سێکسی پیاو لەگەڵ پیاوو ژن لەگەڵ ژن) (سێکس لە ڕێگەی کۆمەوە) بریتی بوو لە ٧٠٪.

ئەم خوێندنەوانە پشت ئەبەستێ بە تێبینیو سەرنجو تێڕوانینی مەزەندەیی، بە شێوەیەکی وا کە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ورد مەحاڵ بێت لە رووی رەوشتییەوە لەبەر ئەوەی هەرگیز ئەنجامدانو جێبەجێ کردنی خوێندنەوەیەکی وردەو وردبینی بۆ ناکرێت، چونکە بە راستی لەلای زانایان ئاژەڵی تاقیکردنەوەیان لەلانیە بۆ تاقیکردنەوەی زانستی لە سەری، هەروەها هیچ خۆبەخشێك لە ئینسانەکان نیە کە لە کاتی توشبوون بەحاڵەتی ڤایرۆسی ئایدز، تاوەکوو تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێ چونکە کارەکە جەربەزەیی و سەرچڵیەو زۆر ئەنجامەکەی زامنکراو نیە، ئیتر چۆن بزانین رووە وردەکارییەکەیو

ڕێژەی گواستنەوە، یان ڕێگری لە گواستنەوەی میکرۆبی نەخۆشییە زایەندیەکان (سێکسی )یەکان وەك ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز یان هەر جۆرە ڤایرۆسی نەخۆشییەکیتر، لە کەسێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی لەش ساغ، هەروەها لە رووی زانستییەوە کە ڕێژەی لایەنداریو لایەنگری لەم خوێندنەوانەدا زۆر بەرزو دیارە، گریمان ئەم ڕێژەیە وردەکارو وردبینو تەواو راستە، بە تەواوی ئەمە وەك ئەوە وایە کە یەکێك داوای لێبکرێت کە وەرزشی خۆهەڵدان لە هەوادا ئەنجام بدات‌و پێیشی بوترێت کە ڕێژەی سەر نەکەوتن‌و تێکشکانی پەڕەشووتەکە بە لایەنی کەمەوە ١٠٪ یە ئایا ئەو کەسە ئەمە ئەکات.

هەندێك لەو کەسانەی کە گرنگی پێدەدەن لە خوێندنەوە بە مەزەندەیەکانیان (نزیکییەکانیان)دا باس لەوە ئەکەن‌و ئەڵێن‌و ئاماژە بەوە ئەدەن کە هۆکاری سەرەکی تێکشکان‌و سەرنەکەوتنی (نەگەیەنی نێرینە/ العازل الذكری) هەندێ جار بەهۆی خراپ بەکارهێنانیان یان هۆکارەکەی دیاری ناکرێت‌و نازانرێت‌و جێگیر نابێت، یان خەتای خودی (نەگەیەن/ کۆندۆم) کە نییە کە شکستی هێناوە، ئەمە لە راستیدا بانگەشەیەکی ئاست نزمە لە دەرەنجامی کۆتاییدا دائەنرێ بە تێکشکان‌و سەرنەکەوتنی

(نەگەیەن)ەکە خۆی، کە نەیتوانیوە پارێزگاری بکات لە ڤایرۆسی ئایدز.

تاکو لە کاتی بەکارهێنانی راستو دروستی (نەگەیەنی نێرنە)، هەندێ لە خوێندنەوەکان وا پیشان ئەدەنو دەرئەکەون کەرێژەی دڕانو شڕبوونو خراپ بوون (پتورکاو)ی لە رێگەی جووتبوونی (دامێن/ مهبل)دا بریتییە لە ٢٪و رێژەی داماڵینو داخزانی لەوانەیە بگاتە ٥٪، هەروەها داخزان (بەبێ داکەندنی تەواو) هەندێ جار ئەگاتە ١٣٪، لە نمایشێەکی نوێدا بۆ (٥٠) خوێندنەوە کرابوو بۆ بەکارهێنانی (نەگەیەن/ کۆندۆم) دەرکەوت کە بەکارهێنانی (نەگەیەنی نێرینە/ عازل الذکری) بە هەڵەو ناڕاست کارێکی زۆر بڵاوە رێژەی پتورکانی نەگەیەن هەندێ جار گەیشتە ٣٣٪و (داخزانو خلیسکان)ی کۆندۆم گەیشتنە ٧٨٪، هەروەها لێچوونو دزەکردنی شلەی پیاو (تۆو/ سپێرم)ی پیاو لە کۆندۆم ٧٠٪ بوو).

هەردوو توێژەرانو لێکۆڵەران لە بواری ئایدزدا، پرۆفیسۆر (ئیدوارد غرین) لە (سەنتەر)ی هارفارد بۆ خوێندنەوەو پەرەپێدانی دانیشتوان)و دکتۆر (نیومان هیرست) مامۆستا لە بەشی تەندروستی گشتی لە زانکۆی کالیفۆرنیا- سانفرانسیسکۆ)

جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە دژایەتی کردنی ئایدز لەسەروی هەموویانەوە بەرنامەو پرۆگرامی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئایدز (UN AIDS) نەیتوانی ئەو دەرەنجامانە قبولْ بکات کە ریْگە پیْدراوبوون، کە بە راستیو بە ئاشکرا سەرنەکەوتنو شکستی سیاسەتەکانی دەرکەوت کە لە ئاستی بلاّوبونەوەی نەخۆشی ئایدز نەبوو، بۆیە رەفزیان کردو نەیانویست کە ئەم دەرەنجامانە بلاّو بکاتەوە، هەردوو تویْژەر زۆر سوورن لەسەر ئەوەی کە لە ئایدیۆلۆژیای دینیەوە دەرهاویشتە ناکەن لە کاتی باسکردنی گرنگی گۆڕانی سیاسەتە پاشکۆکان کە لە بناغەدا پشتی پیْئەبەستن بۆ رەواجو برەو پیْدانە بە (نەگەیەنی نیْرینە) لەو شویْنانەی کە پەتاکە تیْیدا بلاّوبووەتەوە، پشتبەستن بە ستراتیژیەتیْك کە ئامانجی گۆڕینی کردەوەو ئاکارو رەفتاری ترسناكو مەترسدارو دەست لیْهەلْگرتنو بەرگریکردنو وازهیْنان لە سیْکسی دوای هاوسەرگیریکردن، وەفا بۆ پیاو بەشیْوەیەکی سەرەکیو بنەڕەتی، بەلاّم لە روانگەی سپاردەی زانستییەوە ئەو کاتە دەرەنجامەکان جەخت ئەکەنەوەو دلْنیایی ئەدەن کە سەرنەکەوتنی خیْراو گورج هەیە بۆ سیاسەتی برەوو رەواجدانو

گرنگی و بایەخدان بە (عازل الذکری/ نەگەیەنی نێرینە) لە ئاستێك لە بڵاوبوونەوەی پەتای ئایدزو راستکردنەوەی خوڕەوشتو ئاکار ورەفتاری ترسناكو مەترسیدارو گەیشتن بە دەرنجامێکی راستەقینە، ئەوە بەراستی کارێکە ئەکرێت بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو توێژەر بڕوایان نەئەکرد کە دەرەنجامەکە ئاوا دەرچێت هەردووکیان کاری سەرەتاییان بوو لەم بەرنامەیە، د. هێرست زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ناکرێتو نابێ متمانە بە (UN ADIS)بکرێت، دوای ئەوەی (ئەگەر کارەکە پەیوەست بکرێت بە لێکۆڵینەوەو راستیە زانستییەکان، لەبەر ئەوەی د. هێرست خۆی لەگەڵ ئەم دامەزراوەیەدا بووەو شارەزایی و ئەزمونی هەیە، کاتێك کە لەگەڵیاندا بوون خۆیو یارمەتی دەرەکەی (شین) هەستاون بە تاوتوێکردنو خوێندنەوە لەسەر رۆڵو کاریگەری بەرنامەی برەودانورەواج دانو بایەخدانو دابەشکردنی (عازل الذکری/ نەگەیەنی نێرینە) لە ئەفریقادا، دوای ئەوەی ئەنجامێکی خراپو نەرێنی و گۆڕاوو جیاواز هاتەوە کە لە چاوەڕوانی و بەتەمابونی (د. هێرست) نەبوو واش دەرچوو ئیتر بڵاوکردنەوەی دەرەنجامەکەی قەبوڵ نە کردو بڵاوی نەکردەوە بەو هۆیەشەوە (د.

هێرست) داوای دەست لەکار کێشانەوەو پاشەکشەی خۆی لە تیمەکە کرد.

گرنگتر لە هەموو ئەوانەی پێشەوە کە باسکران، نەخۆشی ئایدز بەس تەنها پەتایەك نیە کە بگوازرێتەوە لەرێگەی پەیوەندیو گەیشتنی سێکسییەوە، بەڵکو زۆر جۆر هەن لە ڤایرۆسو بەکتیریاو کلامیدیا کە بە هەمانرێگەی (بەیەك گەیشتنی سێکسی) ئەگوازرێنەوەو ئەبنە هۆی زۆر جۆر نەخۆشی زانراوو ناسراو وەك/ نەخۆشی زوهریو سیلان، پەتای هەوکردنی ڤایرۆسی جگەرو هربسی سێکسیو ڤایرۆسی بالوکەی ئەندامی زاوزێ (چوك، دامێن) کە لەرێگەی دەردراوەکانی کۆئەندامی زاوزێی مێینەوە ئەگوازرێنەوە، یان شلەی (تۆو/ سپێرم)ی پیاو یان لە رێگەی بەر یەککەوتنی پێستەوە کە ئەبێتە هۆی سنووردانان بۆ چالاککردنی نەگەیەنی نێرینە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەرخستەو دەربڕینێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٣ دا لەسەر نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان، دەستی کەوتبوو کە نزیکەی ٤٩٩ ملیۆن تووشبووی نوێ بە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان رویداوە لە هەموولایەکی جیهاندا لە پیاوانو ژنان، لە تەمەنی نێوان (١٥-٤٩)ساڵ ئەوەی جێگای

وەبیرهێنانەوەیە کە بوونی نەخۆشی گوازراوەی زایەندی، لەگەڵ یان بەبێ (برین) مەترسیو ترسناکی گواستنەوەی نەخۆشی ئایدز ئەوەندەیتر زیاد ئەکات بە ڕێژەیەك کە ئەگاتە ١٠٪ ئەوەندە.

ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە لاوازی ڕاستێتیو ڕاستگۆی دەرئەخەن کە لەوەوپێش لە خوێندنەوەکان لە بارەی ڕۆڵو کاریگەری (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە ڕێگری کردنی گواستنەوەی ڤایرۆسی زۆر بچوكو وردی ئایدز ئەنجام دراون کراون، (قەبارەکەی (١٠٠) سەد نانۆ مەترە) نانۆمەتریش بەشێکە لە ملیار بەش لە مەتر) لە نەخۆشێکەوە بۆ کەسێکیتری لەش ساغ، ڕاپۆرتیان ئەوەیە کە ڕۆڵو دەورو کاریگەری (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە پاراستنو ڕێگریدا ئەگاتە ٩٥٪، کەچی لە حاڵەتی ڤایرۆسی هربس کە قەبارەکەی ئەوەندەی ٢٠٠ نانۆمەتر گەورەترە، ئەگاتە ٥٠٪و بەکتیریای نەخۆشی سیلان کە قەبارەکەی (٨) ئەوەندەی (٨٠٠ نانۆمەتر) ئەگاتە ٨٠٪ لە کاتێکدا ئەپارێزرێ لە میکرۆبی نەخۆشی سفلس کە زۆر گەورەترە (١٥٠٠× ٢٠٠) نانۆمەتر تەنها بە ٥٠٪ بەلاّم ڕێژەی پارێزگاریو پاراستن دژی گواستنەوەی ڤایرۆسی (الورم الحليمي البشري/ بالوکەی (حليمي) سەر پێست) لە پیاواندا (HPV) بە نزیکی دائەنرێ بە ٧٣٪ ،کە ڤایرۆسێکە

**هۆكاره بۆ شێرپەنجەی ملی منداڵدان له ئافرەتداو، شێرپەنجەی كۆم لەوانەی كه تووشی نەخۆشی ئایدز بوون.**

**باشه ئەمه لۆژیكییه كاتێك ئەگەر گەردیلەو تەنۆچكەكانی (نەگەیەن/ كۆندۆم) پەستێنراوو پتەوو پێكەوه نوساو ڕێگرەو بەربەسته له تێپەڕبوون‌و چوونه ژوورەوەی ڤایرۆسی ئایدز كه بچوكترین قەبارەی هەیه به ڕێژەی ٩٥٪ كەواته پێویسته به تەواوی بەربەست‌و ڕێگری‌و قەدەغه بكات له هەموو میكرۆبەكانیتر كه قەبارەیان گەورەیه، بەڵكو زۆر گەورەو زەبەلاحن له ئاست ڤایرۆسی ئایدز، جا چۆن متمانه بەمه بكەین.**

**ئەو خوێندنەوانەی كه بازار گەرمی‌و چاوو راوو پڕوپاگەندەیان بۆ ئەكردن كه ئاماژەمان پێدان دەریانخستن كه كاریگەری‌و ڕۆڵی (نەگەیەن/ كۆندۆم) له پاراستن‌و پارێزگاری كردن له نەخۆشی سفلسدا تەنها بریتییه له ٥٠٪ !!**

**تەنها ڕێگەیەك كه زانستیانه جێگیربووه بۆ دورکەوتنەوه له توشبوون به ئایدزو نەخۆشیه گوازراوه زایەندییەكانیتر لەلایەن خودی (ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی)یەوه بریتییه له (دووركەوتنەوه له ئەنجامدانی كاری سێكسی ناشەرعی له پێش هاوسەرگیری‌و له دوای هاوسەرگیری، له راستیدا ئەگەر به**

چاوێکی گرنگ‌و حیساب بۆ کراو سەیری بکەین ئەوەیە کە سەرەتاییترین بەڵگە نەویست سیاسەتی خۆپاراستنی تەندروستی جیهانی پشت ئەبەستێ بە اصل (بناغە)ی خۆپاراستن‌و چۆنیەتی خۆپاراستن‌و دورکەوتنەوەو لابردنی مەترسییەکان‌و لەسەر ئەم بناغەیە ڕێکخستنی هەڵمەتە خۆپاراستنەکان تەواو ڕێك ئەبن، وەك هەڵمەتەکانی (دژی جگەرەکێشان، پیس بوونی ژینگەو ماددە هۆشبەرەکان) کە لەو ڕێگەیەوە دژایەتییان ئەکەین‌و ڕاستەخۆ دژیان ئەوەستینەوە، بۆ ئەو مەترسیانە بێ پێچ‌و پەنا بە گژیان ئەچین، ئەی چۆن ڕووبەڕووی نەخۆشییە گوازراوە زایندییەکان نابینەوە ئەی چۆن ڕێگە ئەدەین بەم ڕێکخراوە جیهانییە کە بە کەیفی خۆیان ترس‌و تۆقاندن‌و گەمەو گاڵتە بە گیانی خەڵکی بکەن لە ڕێگەی برەودان‌و رەواج دان بە (عازل الذكری/ نەگەیەنی نێرینە)، وەك هۆکارێك بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان، ئێمە ڕۆژانە ئەیبینین کە (عازل الذكری/ نەگەیەنی نێرینە) هیچ ڕۆڵ‌و کاریگەرییەکی نییە لە پاراستن‌و ڕێگری بەڵکو ئاسەوار (شوێنەوار)ی تەندروستی لە ناوبەرو وێرانکەرو کاولکەرو ڕوخێنەر بەجێ ئەهێڵێت بۆ تاکەکان‌و کۆمەڵگەکان!! چۆن؟ بۆ؟ چی؟ لەم دامەزراوو کارگانە

داوایان لێ ناکرێ کە زانیاری وردو زانستی لەسەر مەترسیە خوازراوەکان کە لە کاتی بەکارهێنانی (نەگەیەن / کۆندۆم) دا روئەدەن‌و دێنە ئاراوە، ئەی ئەگەر ئەوەی پێویستەو داواکارییە لە کۆمپانیاکانی دەرمان کە چارەسەرێکی وا پێشکەش بکەن کە نیشانەی لاوەکی (لابەلای) نەبێت یان ئەگەر هەیبوو ئەوا زۆر کەم‌و زۆر دەگمەن بێت، هەر کەم‌و کورتی‌و فڕو فێڵێك دەرکەوێ لەم کۆمپانیایانەدا راستەوخۆ لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

سەرپێچی کەرانیش سزا بدرێن، ئەی بۆچی ئەم دامەزراوو کۆمپانیایانە دادگایی ناکرێن‌و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت کە برەو رەواج ئەدەن بە (نەگەیەن/ کۆندۆم) کە وەك رزگارکەرێکی بۆ مرۆڤایەتی لە قەڵەمی ئەدەن، ئەمە بەراستی فێڵکی رێك‌وپێك‌و رێکخراوو دروستکراوە بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی لەناوبردن‌و سەرکەوتن بەسەر چاکی‌و بەهاکان‌و رەوشتپاکی رەوشت بەرزی‌و (ڕێك‌و پێکی یە توندو تۆڵە ئاینیەکان).

ئەم فڕو فێڵە رێکخراوەو هاوکاری‌و یارمەتی ئەدرێت ئەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤایەتی بە هیلاك ببات‌و بەرەو هەڵدێرانی بەرێت، بۆ ئەوەی سەرکەوێت بەسەر چاکی‌و بەهاکان‌و رەوشتپاکی‌و رەوشت بەرزی‌و (ڕێك‌وپێکییە توندوتۆڵییە

ئاینیەکان). ئەخلاق‌و رەوشت بەها بالآکانی ئاین لەناوببات، ئەم چاوبەست‌و فڕو فێڵە گەیشتۆتە پلەیەك‌و ئاستێك کە (ڤاتیکان) لە بلأوکراوەیەکدا لە رۆژنامە (گاردیان) لە (٢٠٠٣/١٠/٩)دا بلأوی کردۆتەوە کە (نەگەیەن/ کۆندۆم) رێگری‌و پارێزگاری ناکات لە ڤایرۆس‌و لە نەخۆشی ئایدز).

لە ژێر ناونیشانی ( Vatican: Condom Do Not Stop Aids) لۆمەیەکی گەوری ئەوانەی کرد کە پێیهەڵئەستن لەسەر هەڵمەتی بە بازارکردن‌و فرۆشتنی (نەگەیەن/ کۆندۆم)، دەرکەوت کە ئەم فەرمان‌و کارە بە فێڵێك‌و چاوبەستێك دائەنرێ، چونکە ئەکرێ‌و ئەگونجێت ئەمە هۆکارێك بێت بۆ توش بوونی زۆرێك لە لاوو گەنجەکان کە پشتیان پێ بەستوە چونکە ڤایرۆسی ئایدز ئەتوانێت لێیەوە دزە بکات‌و بچێتە ناوەوە.




**<u>پێنجەم:</u>**

ئەگەر (نەگەیەن/ کۆندۆم) بە راستیو کرداری پارێزەرە (هەر وەك بانگەشەی بۆ ئەکەن) لە نەخۆشیە گوازراوە زایەندییەکان لە نێوانیاندا ڤایرۆسی ئایدز، ئەی باشە بۆچی تا ئێستا ئەم گرفتو کێشەیە هەر هەیەو بەردەوامە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا

که پێشکەوتوەو لە پێشکەوتنی زانستو پزیشکیو شارستانیەتو سەروەتو سامانو دەوڵەمەندییانە کە ئەتوانێت لە روی ماددیەوە پەیدای بکاتو بەدەستی بهێنێو ئەتوانێ بە هێزی یاسا بیچەسپێنێتو فەرزی بکات لەسەر کۆمەڵگا، ئەی باشە بۆچی تا ئێستاش ساڵانە ٥٠ هەزار کەس تووش ئەبن بە ڤایرۆسی ئایدز، بە تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە پێی راپۆرتی فەرمی پرۆگرامی قەڵاچۆکردنی (مكافحه) ئایدز لە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ساڵی ٢٠١٣دا بێجگە لەوەش دەیان ملیۆن لە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکانیتر.

**شەشەم:** ئێمە لە وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی، بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنی پسپۆڕین لە ناومانداو لە بەر ئەوەی ئێمە پێشەنگو پێشڕەوین لە بواری پسپۆڕیەکەمانداو، پێشڕەو پێشەنگیش لەگەڵ خزمو دۆستو کەسو کارەکەیدا درۆ ناکات، بۆیە ئەبێو پێویستە ئێمە هاوکارو یارمەتی دەری لاوانو گەنجانمان بین لە دور خستنەوەیان لەو شتانەی کە زەرەرو زیانیان هەیە بۆیان لە دوونیاو قیامەتیشدا.

داوێنپیسیو بەد رەوشتیو هاوڕەگەزبازی ئەنجامدانی کاری سێکسی لە رێگەی کۆمەوە نێر بیکات یان مێ حەرامن لە هەموو

شەریعەتە (ئاینییە) ئاسمانییەکاندا دروست نیە لە (باریك) حاڵێك لە حاڵەکان کە هانی لاوەکانمان بدەین لەسەر کردنی حەرام، تەنانەت ئەگەر (نەگەیەن/ کۆندۆم)یش بە تەواوی بیانپارێزێت لە ئایدزو نەخۆشیتری زایەندی، هیچ راستو رەوا نیە بۆ ئێمە کە هەرچی جیهانی غەربی ئەیڵێت (بە لەڕو لاوازو قەڵەویەوە) پەسەندی بکەینو باوەڕی پێ بکەینو بێین بیگوازینەوە بۆ لاوەکانمان.

بە بەڵگەی راستێتی (پەسەندی) زانستیو گواستنەوەی زانستی راستو دڵنیا، بۆیە ئەبێ دەرخستنی رای ئیسلام زۆر روونیو ئاشکرایی پێوە دیاربێو ئەگەر هاتوو ئێمەی خاوەنی پسپۆڕی بەم کارە هەڵنەساین، ئەی باشە ئەبێ کێ هەستێ بەم کارە، ئەی لاوەکانمان چۆن راستیو هەقیقەتیان فێر بکەین، چۆن ئەم راستییە بزانن، بە تایبەتی کە ئەوان لە ژێر بۆردومانو هێرشی راگەیاندنی چەواشەکارو گومڕادان بە رۆژو بەشەو، هەر بۆ زانین خوێندنەوەی پڕاکتیکی ئەنجامدراوە لە ئەفریقیا، جێگیربوەو چەسپیوە کە کاریگەریو رۆڵی ئەرێنی هەبووە بۆ بەرنامەی هۆشیاریو رۆشنبیرییە ئاینییەکان/ ئەو بەرنامانە کە ئێمە بانگەشەی بۆ ئەکەین رۆڵو کاریگەری باشی بینیوە لە ئەفریقیا)

ئەو بەرنامانە هەموویان بانگەوازو بانگەشەی چاکیو پاکداوێنی ئەکەنو دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە غەزەبو توڕەیی خوای پەروەردگار بە دواوەیە (خوای گەورە پێی توڕە ئەبێت).. لە هەموو ئاینە ئاسمانیەکاندا داوێن پیسیو خراپەکاری بە هەموو شێوەو جۆرەکانیەوە قەدەغەو یاساغ کراوەو، چارەسەری کێشەی هەواو ئارەزوە سێکسیەکانیشی کردوە لە رێگەی هاوسەرگیری شەرعیەوەو دور لە بەدرەوشتی (شذوذ/ نایاساییو نامۆییو ناباو)و دەرچون لە فیترەتی پاكو سەلیم.

ئەو خوێندنەوانەی کە پێشتر لە ئۆگەندا ئەنجامدراونو (جێبەجێ بوون) بەڕێوەچوون کە تیایدا پیاوانی ئاینی پێچەوانەیان بوون کاریان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری پاکداوێنیو دڵسۆزی بۆ دامەزراوەی پرۆسەی هاوسەرگیری (المؤسسة الزوجية)، لەم خوێندنەوەیەدا دەرکەوت کە رێژەکە دابەزینو نزمی بە خۆیەوە بینی بە رێژەی ٦٥٪ لە ئەنجامدانی (السيكس العرضي/ سێکسی ناموسو شەرەف) بەهۆی (دەرەنجامی) پشت بەستن بە بەرنامەی پاکیو پاك دامێنیو دورکەوتنە لە سێکس لە دوای هاوسەرگیریو وەفاو دڵسۆزیو بە ئەمەکی بۆ پیاو، ئەمە بە کرداری هاوکارو یارمەتیدەر بووە بۆ

کەمکردنەوەی ڕێژەی تازەو نوێ بە ئایدز بۆ تەمەنەکانی نێوان (١٥-١٩) ساڵ بەڕێژەی ٧٥٪ لە نێوان تەمەنی (٢٠-٢٤) ساڵ بەڕێژەی ٦٠٪ بە هاتنی ساڵی ١٩٩٨دا.

لە حاڵەتی (زامبیا) چاودێری‌و تێبینی کەمبوونەوەو دابەزین‌و نزم بوونەوە بۆ ڕێژەی تووش بوون بە ئایدز تەواو بووە لە ژنانی لادێکان لە ساڵەکانی نەوەدەکانداو لە هەمان کاتدا، هەر لەوێ نزم بونەوەو دابەزینێکی زۆر گەورە لە ئەنجامدەرانی کاری لەشفرۆشی دەستەبەر کراوە، ئەنجامدانی کاری سێکسی زیاتر لە یەك کەس‌و شەریك‌و هاوڕێیەك، لە دەرئەنجامی جێبەجێ کردنی بەرنامەی پاڵپشت‌و پشتیوان کراو لە دامەزراوە ئاینیەکاندا بۆ دواخستنی ئەنجامدانی کاری سێکسی لە دوای (هاوسەرگیری‌و دڵسۆزی بۆ پیاو).

هەروەها خوێندنەوەیەك کە لە ئەسیوبیا ئەنجامدراوە ئاماژەی داوە بە نزمبوونەوەو دابەزینی ڕێژەی تووش بوون بە نەخۆشی ئایدز، لەو ناوچانەی کە ڕێژەی (لەشفرۆش‌و سێکسی ناموس‌و شەرەف) تێیدا دابەزین‌و نزمی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە ناو کرێکارەکانی کارگەکان.

گۆڤاری زانستی بەناوبانگی بەریتانی (لانست) بەیانێکی ڕێککەوتەیی بڵاوکردەوە بۆ زۆرێك لە شارەزاکان لە ٣٦ وڵاتدا، لە نێوانیاندا (هیلین غایل) سەرۆکی پێشووی بنکەی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی ئەمریکا (CDC)، ئامۆژگاری کرد بە دڵنیاییو جەختکردنەوە لە دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی سێکس لە دوای هاوسەرگیریو وەفاو ئەمەکی بۆ پیاو (هاوسەر) وەك دوو کاراکتەری سەرەکی لە دژیایەتی کردنی ئایدزو بە گژاچوونەوەی ئایدزو نەخۆشیە گوازراوە زایەندییەکان لەو ناوچانەی کە ئەم پەتایە تێیدا بڵاوە، هەر بۆ زانین ئەو بەرنامەیە کە سەرۆکی ئۆغەندی (یوری موسیفینی) بە فەرمی جێبەجێی کرد لە ئۆغەندا کە زۆر ساناو ئاسانو تێچوونی زۆر کەم بوو، ئەکرێ جێبەجێ بکرێت لە هەر شوێنێکی دونیادا کە بەرنامەکە پێکهاتووە لە:

١- هەڵمەتی میللی کۆڵانەو کۆڵانی چڕوپڕ بۆ پڕوپاگەندەو بڵاوکردنەوەی چاکیو پاکیو پاکداوێنیو ئەنجامدانی کاری سێکسی دوابخرێت تا کاتی هاوسەرگیری.

٢- بەشداری پێکردنی چڕوپڕی پیاوانی ئاینیو لایەنی پەیوەندیداری فەرمیو میلليو توشبووەکانیش.

٣-   به ئەنقەست (بەقەستی) جەخت کردنەوە لە سەر ترس‌و مەترسی لە داهاتووو ئایندەی بڵاوبوونەوەی سێکسی‌و پەرتەوازەبوون‌و هەڵوەشانەوەی خێزان.

٤- ڕۆشنبیرکردنی خوێندکارانی خوێندنگاکان پێش باڵغبوون لە سەر ئایدزو کاریگەری‌و ڕۆڵی پاکی‌و پاکیزەبوون‌و پاکیزەیی‌و پاکداوێنی‌و چۆنییەتی خۆپاراستن لە نەخۆشی ئایدز.

٥- جەختکردنەوەو دڵنیابون لە فێرکردن‌و ڕۆشنبیرکردنی ژن‌و هەرزەکارو تازەپێگەیشتوان‌و نەوجەوانان‌و تازەپێگەیشتووان‌و بەشداریپێکردنیان لە هەڵمەتەکەداو ئەوانەش کە بەشدارییان کردووە لە هەڵمەتەکەدا.



<u>حەوتەم:</u> ئەو پرسیارەی کە ئەبێ ئێمەی  موسڵمانانی پسپۆڕ لە خۆمانی بکەین، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا زیانو زەرەرو ئەنجامی (زینا) داوێن پیسیو بەدڕەوشتیو (شذوذ/ ڕەوشتی نامۆو ناباوو ناوازە) تەنها پەیوەستە بە ئایدزەوە، ئەوانەش کە لەو ئەچن لە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان؟.

گریمانو ئەوە وتمان (نەگەیەن/ کۆندۆم) ١٠٠٪ پارێزەرو ڕێگرە، ئایا دروستە (جائزە) بۆ ئێمە ئامۆژگاری لاوەکانمان بکەین بە بەکارهێنانی (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە کاتی داوێن پیسیو شەروالْ پیسی (زینا)دا، کە ئەمە وەك ئەوە وایە کە بۆیان حەلاڵْ بکەین شیوەنو ناڵەیان بۆ بکەینو بیان لاوێنینەوە. سبەینێش وەك بەکرێگیراوێك لە قرچەی گەرماو ئاگردا، لاوەکانمان ئەپارێزین لە ئاگری ئایدزو نەخۆشییە زایەندییەکانو خۆشمان بکەوینە ناو ئاگری جەهەننەمەوە!!!.

لەگەڵ ئەو هەموو شتانە کە لە پێشەوە باسکرا، ئێمە ئەبینین شایەت حاڵی سووربونێکی سەرسوڕمانانەین لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوانەیان پەیوەندیدارن بە بەگژاچوونەوەو دژایەتی کردنی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لەسەر ئەو پشتبەستنە ستراتیژیەیان کە ڕەواجو برەو دانە بە (نەگەیەنی

نێرینه/ کۆندۆم)، بینا لەسەر گریمانەیەك كە دەستی پێوە بگیرێت بەبێ ئەوەی تاقی بكرێتەوە یان یارمەتی‌و هاوكاری (پشتگیری‌و پشتیوانی) ئەوە بكرێت كە تاقی ئەكاتەوەو بەكاری ئەهێنێ، خۆرزگاركردن‌و خۆ لادان لێی‌و دوورە پەرێزی قورسە، بەڵكو گۆرانكاری‌و راستكردنەوەو چاككردنی خوورەوشت‌و كردارو رەفتار، ترسناك‌و مەترسیەو بۆ لاوان، بەم شێوەیە زەرورەتێكی واقعیە، تەسلیم بوون بۆ هەواو ئارەزووەكان‌و شوێنكەوتنی سیاسەتی كەمبوون لە مەترسیەكان، (مەترسییەكان كەمترن)، چارەسەركردنی دەرەنجامەكان‌و دەرهێنراوەكان (المخرجات) لە بری كاركردن بۆ لابردن‌و دورخستنەوەی یا لە رەگ‌و ریشە دەرهێنانی لە بناغەداو لاوازكردنی لە بنەڕەتدا، ئەمە كارێكی تەواو نادروست‌و قبوڵ نیە، نە ئەخلاقیانەیەو نە زانستیانەیە، بەتایبەتی‌و نەخوازەڵلا هێشتا ئێمە زۆرێك لە رۆحەكان ئەبینین كە لە نەفامی‌و نەزانیندا فەوتان‌و لەناو چون، بە شێوەیەك كە وا شیاوتر بوو بۆ ئەم دامەزراوانە كە رێگەی راست‌و دروست بگرنەبەرو مەترسییەكانیان‌و خراپەكانیان فێربكرێت، ئەمانە هەموو لەبەر چاوو گوێی جیهان روو ئەدەن‌و بە ناوی دژایەتی‌و بە گژاچوونەوەی پەتایەكی كوشندەو لەناوبەرو لەبەر بەرژەوەندی‌و

کەمبوونەوەی بودجەو چاودێری کردنی زۆرێك لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە خۆپاراستنەکانیتر.

باشە، ئەگەر ئەم بەرنامە جیهانیانە، ناتوانێت چارەسەرو حەلی ئاستەنگ و کێشەو گرفتەکانی ئەم وڵاتانە بکات کە جێگەی باوەڕبوون‌و پشت‌و پەنایانن هەر لە دێر زەمانەوەو زەمەنێك تێپەری، بەردەوام ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕێژەی سکپڕی‌و دووگیانی لە ناو کچانی تازەپێگەیشتوو هەرزەکاراندا، ڕێژەی تووشبوون بە ئایدز لە هەردوو شاری (واشنتۆن‌و نیۆیۆرك) لە ئاستێك‌و ڕێژەیەکی زۆر بەرزدایە لە جیهاندا هەر بۆ نمونە: هیچ سنوورێك دانەنراوەو ڕێگریەك نەکراوە لە بڵاوبوونەوەی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان، ئیتر چ پێویست ئەکات بڵاوبکرێتەوە بەسەر وڵاتانیتری جیهاندا، ئایا پێویست ئەکات کە ئەم ئافاتە تەندروستی‌و ئەخلاقییە هەناردە بکرێت لە ڕێگەی برەودان‌و رەواجدانی چارەسەرێکی کاتی‌و کەم‌و بێ ڕۆڵ‌و بێ کاریگەر .

ئەگەر زانیمان لاوان لە هەردوو رەگەز لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا (الشاذین/ لە نێربازەکان‌و مێبازەکان)و ئالوودەبووانی (سیکس العرضی/ شەرەف‌و ناموس‌و ئابڕو فرۆش)و تەنانەت

ئەوانەش کە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن، رایئەگەیێنن‌و لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز، بە بێ وەستان‌و دوودڵی‌و ئەڵێن: ئێمە (نەگەیەن/ کۆندۆم) بەکارناهێنین‌و بەڵکو زۆریش رقمان لێیەتی‌و حەزمان لێی نییە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە وەك:

١- لەبەر ئەوەی چێژ وەرگرتن کەم ئەکاتەوە.

٢- لەبەر ئەوەی نیشانەی بێ متمانەییە لە نێوان دوو شەریکەکەدا.

٣- لەبەر ئەوەی هەستی سۆزداری ئەپچڕێنێت‌و نایهێڵێت.

٤- لەبەر ئەوەی هەندێ لە ژنان ئەترسن ئەگەر لە ناوەوە(کۆئەندامی زاوزێ)دا بمێنێتەوە.

٥-لەبەر ئەوەی ئەبێتە رێگرو بەربەستی دووگیانی (ڕێگری لە سکپڕی ئەکات).

جا لەبەر ئەوە ئەبێ ئێمە سۆزمان هەبێ لە سەر ئەوەی پێشوو ئیتر کار وای لێهاتووە بووە بەبێ لۆژیك بەڵکو بوەتە لۆژیکێکی پێچەوانە، بانگەواز (بانگەشە)ی لەناوچوون‌و وێران‌و خراپ بوونی مرۆڤایەتی، ئەمەش تەنها بۆ پارێزگاری کردن‌و پاراستنی هەقێکی داواکراوو ئازادییە کوشندەو لەناوبەرەکان، بۆ چنگێ (مشتێ) مرۆڤی هەڵوەشاوە کە هەوڵ ئەدرێ بۆ چاو لێداخستن لەو چێژە

کوشندەو لەناوبەرە، کە دورەو لە دەرەوەی فیترەتی پاكو زەوقی ساغو سەلیمە، ئایا ئەکرێو ئەبێ لەبەر خاتری هەقو ئازادی کەسانێکی زۆر کەم کە داوای مافو ئازادییەکانی خۆیان ئەکەن بە رەهایی، کە خۆیان بەرەو هەڵدێرو خۆکوشتنی گشتیو کۆمەڵی ئەڕۆنو لە هەوڵی ئەوەدان کە کۆمەڵگە هەمووی بەرەو فەسادو خراپەکاریو خۆکوشتن بڕوات ئەمە وەك ئەوە وایە کە ئێمەش هاوکارو یارمەتی دەریان بین بەبێ دەنگیمان. هەندێ جاریش رازینو بەڵێیان بۆ ئەکەین....!!!

پێش ئەوەی ئێمە تەسلیم بین بۆ هەر هۆکارو دەرەنجامێکی داواکراو بە تایبەتی ئەو شتەی کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لە (چوونەناوەوە/ خرق)ی جێگیرو نەگۆڕەکانمان خۆ تێهاوشتنو پەلامارو هێرش بردنە سەر شتە حەرام کراوەکانمان بۆیە ئەبێو پێویستە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی پتەوو مەحکەمو سەربەخۆ بێلایەنانە لە هەموو روویەکەوە ئەنجام بدرێو جێبەجێ بکرێت بۆ جێگیرکردنو نەفی کردنو نەهێشتنی هەر بانگەشەیەك ئەوە کارێکە ئەفسوسو داخەکەم ئەم کارە جگە لە شتێکی کەمو بێ بایەخ نەبێت هیچ خەمێكو خەرجێکی بۆ ناخورێ بە تایبەتی لە ئەفریقاو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی..

لەبەر ئەوەی کاریگەری (نەگەیەن/ کۆندۆم) کە ئەوان بانگەشەی بۆ ئەکەن، یارمەتی دەرو هاوکارن‌و دەستیان هەیە لە بانگەشەو نەخشەکەیاندا، رۆڵێکی کەم‌و بەشێکی بچوك ئەبینێت بەپێی راپۆرتی خوێندنەوە زانستییەکان کە لە پێشەوە باسیان لێوەکرا، لەبەر ئەوە هەقی ئەوەیان نیە برەو رەواج بدەن بە (نەگەیەن/ کۆندۆم) وەك رزگارکەرێك‌و چارەسەرێك واتە (نەگەیەن/ کۆندۆم) بە چارەسەرکەرو رزگارکەر دائەنێن، چونکە لەوەدا زۆر گومڕایی کردن و سەرلێتێکدان‌و بەهەڵەبردن هەیە، هەروەها ئەبێت ئاگادار بین لە بەکارهێنانی زاراوەی (الواقي الطبي) بین، بەڵکو تەنها وشەو زاراوەی (نەگەیەن/ عازل) بەسە، بەکاربهێنرێت‌و بووترێت، لەبەر ئەوە ئەمە ئاماژە پێدانێکە بە تەنێکی پزیشکی کە زۆر بە دڵنیاییەوە بەکاربهێنرێت، لەهەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی کاری سێکسی حەرام‌و ناشەرعی، ئەوە خۆپاراستنێکی (کردەییە) کە زانست بڕواو متمانەی پێی هەیە.

لەبەر ئەوە ئەبێت جەخت بکەینەوەو دڵنیابین کە زاراوەی (سیکس الآمن) (سێکسی سەلامەت‌و بێزیان‌و بێزەرەرو بێخەم‌و بێوەی) هیچ نیەو بوونی نیە تەنها (وەهم/ خەیاڵ‌و ئەندێشەیەك‌و نەخشاندنێکە وەك زاراوە رۆژ ئاواییەکانیتر.

(**زاراوه رۆژئاواییەکان/ الأصطلاحات الغربیة**): روکاری دەرەوەی پاراستن‌و پارێزگارییە بەڵام ناوو ناوەڕۆکی لە ناوبەرو وێرانکەری لاوان‌و گەنجانەو لەناوبەری بیروباوەڕیشیانە، لەبەر ئەوە پێویستە، کارەکان ناوبهێنن بە ناوە راستەقینەکانی خۆیان، (کارەکان چییان پێ ئەوترێ بەو شێوە راستقینەی خۆیا ناویان بهێنین).

هیچ چارەسەرو حەلێك بۆ گرفت‌و کێشەی مرۆڤایەتی نیە مەگەر تەنها بە جێبەجێ کردن‌و (تطبیق) کردنی شەرع‌و مەنهەج‌و بەرنامەی ئاسمانی نەبێ‌و، پێویستە پەروەردەیەکی راست‌و دروست‌و گونجاو لەگەڵ فیترەتدا ئەنجام بدرێ‌و دەست پێبکرێت.

پەیوەست بوون بە ئەخلاق‌و بەهاوو رەوشتی پاك‌و پاکداوێنی‌و پاکیزەیی‌و ئارامگرتن لەسەری‌و خۆنەدان بەدەستەوەو دامەزراوی لە بەرامبەر کۆسپ‌و تەگەرەکان، دانبەخۆدا گرتن لە بەرامبەر نارەحەتییەکانی رێگەی سەرفرازی‌و رێگەی راست‌و هیدایەت، هۆشیار کردنەوەی مەبەستدارو ئامانجدار بەئاگابوون لە مەترسییەکانی بەرەڵایی‌و خراپەکاری‌و داوێن پیسی‌و کارکردنی تۆکمەو توندوتۆڵ لەسەر چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە سێکسییەکانی لاوان، بە سوك‌و ئاسان کردنی کاری

(هاوسەرگیری)، (کارئاسانیو ئاسانکاری بکرێت بۆیان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا)، لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستیییەدا، مرۆڤایەتی لە هەڵدێرانو تێکچوونو تێکەڵ کردندایە چارەسەری کێشەیەك بە کێشەیەکیتری قورسترو نارەحەتترو گرانو سەختو دژواری ئەکاتماڵو پارەیەکی زۆرو ماندووبونێکی زۆر بە خەرج ئەداتو هەوڵێکی زۆرو تێکۆشانێکی لە رادەبەدەر واتە ماڵو پارەو بودجەیەکی بێشومار خەرج ئەکات لە پێناو چارەسەری گرفتو کێشەیەکدا.

بۆیە فەرمایشتو وتەی خوای پەروەردگار راستە لەسەریان مادام ئەوان وابن کە ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ الأنفال: ٣٦ - ٣٧




**سەرچاوە/:**

**- (العازل ووهم الجنس الامن).**

**- دكتور عبدالحميد القضاة.**

**کاتژمێر ٥:٤٥ی ئێوارە**

**ڕۆژی هەینی ٢٠١٦/٨/٥**

**سلێمانی**

**بەرامبەر ٢ زوالقیعدە ساڵی**

**١٤٣٧ کۆچی.**

# پێڕست


بابەت ................ لاپەڕە

پێشەکی................................................٥

(نەگەیەن‌و ئەندێشەی سێکسی سەلامەت‌و دڵنیایی)..................٩

زاراوەکان................................................١٣

الجنس الآمن................................................١٣

الامتناع................................................١٦

راوو بۆچوونی یەکەم................................................١٨

راوو بۆچوونی دووەم................................................١٩

زاراوە رۆژئاواییەکان................................................٥٢

سەرچاوەکان................................................٤٥

پێڕست................................................٥٥




دورة الاعداد المدربين
مشروع وقاية الشباب
الأمراض المنقولة جنسياً
بالتعاون مع الاتحاد العالمي
للجمعيات الطبية الإسلامية
في محافظة السليمانية